# فەرمان بەچاکە
# و
# نەهی لەخراپە

بە شێکی بنــەڕەتییە لە ئاین، وئەرکێکی شەرعییە لەسەر هەموو موسڵمانێك

نووسینی
**حسن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم
2002

**بسم الله الرحمن الرحيم**

كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنهَوْنَ
عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ..." **سوره ال عمران**/110.

**ناوی کتێب:** فەرمان بەچاکە ونەهی لەخراپە.

**نووســەر:** حسن پینجوینی.

**تـــــــیراژ:** 3000 .

**ســـــــاڵ:** 1423 کۆچی - 2002 زاینی.

**چاپخــانە:** رۆژهەڵات.

**بڵاوکردنەوە:** ناوەندی رۆشنبیر.

## پێشەکی:

خوێنەری هێژا ئەم باسەی لەبەر دەستایە ( فەرمان بەچاکە و نەهی لە خراپە)، بابەتێکە پەیوەندییەکی تەواوی بەمان ونەمانی ئاینەکەمانەوە هەیە، ئاشکرایە ئەگەر فەرمان بەچاکە هەبوو کۆمەڵگا بەرەو گەشەکردن و ئاوەدانی دەڕوات، و بەپێچەوانەشەوە بەرەو خراپە کاری و وێرانە مل دەنێ..

فەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە کاری پێغەممەران بووە علیهم السلام، لەبەر گرنگی باسەکە قورئان و فەرمووده زۆر جەختیان لەسەر کردووە، زانایان هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە تا ئەم سەردەمەی خۆمان بایەخیان پێداوەو باسیان کردووە. منیش کە خۆم بە خزمەت گوزارێکی ئەم ئاینە دەزانم بەپێویستم زانی ئەزموونی ژیانی خۆم لەو بارەوە بخەمە بەردەست خوێنەرانی هێژا، بەو هیوایەی ئەم ئەرکە شەرعییە وەك ئەوەی کە داواکراوە ئەنجام بدرێ، تا هەوڵەکە سوود بە ئاینەکە بگەیەنێ نەك زیان. سا خوایش یارمەتی دەربێ، انه نعم المولی ونعم النصیر.

حەسەنی پێنجوێنی/پێرس= ئوستڕالیا

## فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە:

مەسەلەی ف ەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە بە شێکی بنـەڕەتییە لە ئاینەکەمان ، و ئەرکێکی شەرعییە لەسەر هەموو موسڵمانێك، ئەوەتە قورئانی پیرۆز فـەرمانمان پێدەکات کەفە رمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکە ین (هەروەك لە سەر زمانی لوقمانەوە بۆ کوڕەکە ی) دەفە رموێ: " يَابُنَـيَّ أَقِمْ الصَّلاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنْ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُور."[1] واتە: ئەی کوڕم ! نوێژ بەجێبێنەو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکە، و خۆگربە و صەبرت هەبێ لەسەر ئەوەی لەو رێیەدا تووشت د ێت، بێگومان ئەوەش لەوشتانەیە کەخوا فەرمانی پێکردووە. وەك ئیبنو جورەیج باسی دەکات ، هەروەها قورئان تەعریفی ئیمانداران بەوە دەکات کەفەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە دەکەن وەك دەفەرموێ:

---

1 - سورة لقمان/17.

" وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْض يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَ يُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمْ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ."[2]

**واته: پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار هەندێکیان پشتیوا ن و کۆمەکی هەندێکی تریانن فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکەن، و نوێژ بەرپا دەکەن ، و زەکات دەدەن ، و گوێڕایەڵێ فەرمانی خوا و پێغەممەرەکەی دەبن، ئەوانە خوا رەحمیان پێدەکات، بێگومان خوایش بەدەسەڵات و کاربەجێیە.**

**هەروەها چاکیەتییەك کە بووەتە صیفەتی نەتەوەی ئیسلامی لەبەر فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە کردنیەتی وەك قورئان دەفەرموێ:**" كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَ تَنهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ..."[3]**. واته: باشترین ئوممەتێك لەناو خەڵکیدا پەیدا بووبێ ئێوەن چونکە فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکەن .**

**وە زەقترین صیفەتی دوستانی خوا- ئەوانەی خوا دەسەڵاتیان دەداتێ و شەرعی خوا جێبەجێ دەکەن- بەرپا کردنی نوێژ و زەکات دان و فەرمان بەچاکەو نەهی کردنیان لە خراپەیە، هەروەك**

2 - سورة التوبة/71.
3 - سورة ال عمران/110.

**قورئان دەفەرموێ:**" الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ."[4] **بەڵێ، خوێنەری بەڕێز! پێغەممەری خۆشەویستمان ρ مانەوەی کۆمەڵگا بەپاکی و دووربوونی لەنەگبەتیو وێرانی بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە گەورەوە پەیو ەند داوە:** " عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ عَنِ النَّبِيِّρ قَالَ:" وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَ لَتَنهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقَابًا مِنْهُ ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلا يُسْتَجَابُ لَكُمْ"[5]

حذيفة بن اليمان - رضي الله عن **ە- بۆمان باس دەکات کەپێغەممەرρ فەرموویەتی: سوێند بەو زاتەی گیانی منی بە دەستە: فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکەن-باشە- دەنا زۆر نزیکەخوا لەلایەن خۆیەوە بەڵایەکتان بۆ بنێرێ و سزاتان بدات، ئینجا هاواری لێبکەن و لێی بپاڕێنەوە و دوعاتان گیرا نەبێت.**

**نەك هەر ئەوە، بەڵکو نەبوونی فەرمان بەچاکەو نەهی نەکردن لەخراپە هۆیەکی سەرەکییە بۆ تووشبوونی کۆمەڵگا بەگەورەترین دەردی کۆمەڵایەتیو وێرانبوونی، پێغەممەری پێشەوامان ρوێنەی نەهی کەر لەخراپەو گوێ پێنەدەریمان بەو**

4 - سورة الحج/41.
5 - أخرجه الترمذي في كتاب الفتن، تحت رقم: 2095 .وَقَالَ : هَذَا حَدِيثٌ حَسَن.

کەسانە بۆ دێنێتەوە کەسوار کەشتییەك بوون و ڕێبواری نێو دەریان.. هەندێکیان لەنهۆمی خوارەوەدان و هەندێکیشیان لەنهۆمی سەرەوە و سەربانی کەشتییەکە، ئەوانەی لەخوارەوەن بەوانەی سەرەوە دەڵێن: ئێمە ئاومان پێویستەو لەجێی خۆمانەوە کونێك دەکەینە ناو کەشتییەکە ، و ئاوی خۆمان بەدەست دێنین ، و هیچ ئازاری ئێوە نادەین کەلای سەرەوەن! ئەوانەی سەرەوە گەر وازیان لێهێنان، و ئەوانیش کونیان کردە ناو کەشتییەکەوە ئەوا هەموویان لەناو دەچن، و ئەگەر دەستیشیان گرتن ونەیان هێشت ئەوکارە ئەنجام بدەن، ئەوان و خۆیشیان ڕزگاردەکەن.

عنِ النُّعْمَانَ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنهما يَقُولُ: قَالَ النَّبِيُّ ρ:" مَثَلُ الْمُدْهِنِ فِي حُدُودِ اللَّهِ وَالْوَاقِعِ فِيهَا مَثَلُ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا سَفِينَةً، فَصَارَ بَعْضُهُمْ فِي أَسْفَلِهَا وَصَارَ بَعْضُهُمْ فِي أَعْلاهَا، فَكَانَ الَّذِي فِي أَسْفَلِهَا يَمُرُّونَ بِالْمَاءِ عَلَى الَّذِينَ فِي أَعْلاهَا فَتَأَذَّوْا بِهِ، فَأَخَذَ فَأْسًا فَجَعَلَ يَنْقُرُ أَسْفَلَ السَّفِينَةِ، فَأَتَوْهُ فَقَالُوا: مَا لَكَ؟ قَالَ: تَأَذَّيْتُمْ بِي، وَلا بُدَّ لِي مِنَ الْمَاءِ، فَإِنْ أَخَذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَنْجَوْهُ وَنَجَّوْا أَنْفُسَهُمْ، وَإِنْ تَرَكُوهُ أَهْلَكُوهُ وَأَهْلَكُوا أَنْفُسَهُمْ"(6)

قورئان لەبارەی پشتگوێ خستنی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەوە دەفەرموێ:" لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا

6- أخرجه البخاري/ في كتاب الشهادات، تحت رقم: 2489.

يَعْتَدُونَ(78)كَانُوا لا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ."(7) واتە: لەسەر زمانی داوود و عیسای کوڕی مریەمەوە نەفرین لەکافرەکانی بەنی ئیسرائیلی کراوە، ئەویش بەهۆی لەسنووری شەرع- دەرچوونیان و ئەو سەرکەشیانەوە کەئەنجامیان دەدا، دەستیان لەخراپە هەڵنەدە گرت، و یەکتریان لەگوناه و کاری خراپە دوور نەدەخستەوە، ئای چ کارێکی خراپیان دەکرد!!

## کێ فەرمان بەچاکە دەکات؟

ئەم خاڵە زۆر گرنگەو دەبێ لەپێشچاو بگیرێ و زۆر بایەخی پێ بدرێت، دەبێ بزانین ئایا هەموو کەس توانای ئەو کارەی هەیە؟ یا ئەوکارە ئەرکی کۆمەڵێکی دیاریکراوە؟

ئەگەر سەرنجی ئەم فەرموودەیە بدەین:" عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ρ يَقُولُ:" مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ"(8).

واتە: هەرکەس لەئێوە خراپەیەکی دی با بەدەستی بیگۆڕێ، خ ۆ ئەگەر توانای نەبوو با بەزمانی بیگۆڕێ، و ئەگەر هەر لەتوانایا نەبوو بابەدڵ پێی ناخۆش بێ، و ئەمەشیان لاوازترین پلەی باوەڕە.

7- سورة المائدة/ 79.
8- أخرجه مسلم في كتاب الإيمان، تحت رقم: 70.

دەبینین پێغەمبەرρ بۆ لەناوبردنی خراپە فەرمانمان پێدەکا، و قوناغەکانیشی کردووە بەسێ بەشەوە: 1- بە هێزو دەست، 2- بە قسەو زمان، 3- بەحەز لێنەکردن و بوغزاندنی دەروونی. لەجۆری سێهەمدا هەموو موسڵمانان بەشدارن و بۆ هەموو کەسێکە، بەدەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەوە، بەزاناو نەزانەوە، چونکە پێغەمبەرρ صیغەکەی بە( أفعل التفضيل ) باسکردووە، زەعیف واتە: لاواز، أضعف، واتە: لاواز تر، ئەگەر کەسێك ئیمانەکەی لاواز بوو، هێشتا ئومێدێکی پێدەکرێ، بەڵام ئەگەر فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەی نەکرد ئیمانەکەی لەلاوازترین پلەدایە و دوای ئەوە ئیتر پلەیەك بۆ ئیمان نەماوەتەوە، هەروەك مە ولەوی رەحمەتی دەڵێ ئەوەی گونا هکردنی بەدڵ پێ ناخۆش نەبێ با بزانێ کە لاواز ترین ئیمانیشی نییە . بەڵام دوو ج ۆرەکەی تریان تایبەتمەندن و بۆ هەموو کەس نین.

جۆری یەکەمیان تەنیا بۆ دەسەڵاتدارانەو بەس، دەوڵەت هەرکارێك بکات ئەنجامی دەدات و هەرکارێکیش قەدەغەبکات کەس بەئاشکرا ناتوانێ ئەنجامی بدات.

جۆری دووەمیان بۆ زانایان و شارەزایان و ئەوانەی وەك ئەوانن، قورئان فەرمان بەبوونیان دەکات و بوونیان بە پێویستیەکی شەرعی دادەنێت، وەك دەفەرموێ:" وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ"(9).واتە: با لەناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێ، خەڵکی بۆ چاکە بانگ بکەن، و فەرمان بەچاکە بکەن ، و نەهی لەخراپە بکەن، و ئەوانەش رزگارو سەرفازن.

## هەرکەس دەبێ سنووری خۆی بزانی:

کەوا بوو ئەگەر خراپەیەك رووی دا ئەوەی دەسەڵاتی نەبوو، یا زانیاریو ئاگادارییەکی باشی لەحەرام وحەڵال وجیاوازی رای نێوان موجتەهیدەکانی فیقهی و ئەولەویات و...هتد نەبوو، لەسەری پێویست نییە بەدەست بیگۆڕێ، یا قسەی تیابکات. با بێدەنگ بێ و لەدڵی خۆیا پێی ناخۆش بێ. ئەوا نەی لاو و تازە پێگەیشتوون حەماسەتێکی زۆریان بۆ ئاینەکەیان هەیە، بەڵام زۆریان بێ تەجروبەن و شار ەزای ئوصولی فیقه نین ، و کەمتر ئاگایان لەڕاو بۆچوونی جیاوازی زانایان هەیە، کاتێ فەرموودەیەك دەبیستن دەیانەوێ یەکسەر بەجێی بێنن، بێ ئەوەی بەشوێن رای زانایانا بچن و بزانن ئایا ئەم فەرموودە موتڵەقە موقەییەدی هەیە ، یان

---

9- سورة آل عمران/104.

نە؟ وەئەم وشە گشتیی ەی کە لەفەرموودەکەدا هاتووە، ئایا لەفەرموودەیەکی ترا تایبەت کراوە ، یان نە؟ هتد...ئەوئیمان و باوەڕە زۆرەئەن پلڵیان پێوەدەنێ بەرزترین پلەبەدەست بێنن، وا دەزانن لەدەوڵەتی خ ولەفاکانی راشیدین-خوا لێیان رازی بێ-، یان لەدەوڵەتی خولەفاکانی ئەمەوێ و عەبباسیدا دە ژین!! وائەزانن حوکم ئیسلامییەو ئەم مونکەرەش نابێ لەدەوڵەتی ئیسلامیدا رووبدات. ئیتر ئەوەیان لەپێشچاودا وونە لەو کاتەوە ئینگلیز وولاٌتانی ئیسلامی داگیر کردووە ، دەسەلاٌتی بۆ شەرعی خوا نەهێشتۆتەوە، و خستوویەتە پشت کەنوانەوە، بێئاگا لەوە کەئەم کێشەیە پێویستی بەچارەسەری بنەڕەتی هەیە ، و دەبێ هەوڵ بۆ دروستبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بدرێت، حەلی رووکەش و سەرپێیی بێسوودە، هەرهۆی ئەوەشە دەکەونە هەڵەوە، و خۆیان و خەلکێش تووشی گۆبەندو کێشەی زۆر دەکەن، ب ۆیە پێویستە ئاگادار بکرێنەوە، و رێنوێنی بکرێن، تا ئەو ووزە زۆر و فراوانەیان بە هەدەر نەچێت.

ئالێرەدا رووداوێکی سەیرم یاد کەوتەوەو بەجێی خۆی دەزانم خۆێنەری لێ ئاگادار بکەمەوە، سیی (30) ساڵ لەمەوبەر برادەرێکم دەناسی تازە بەقوتابخانەی برایان شارەزا ببوو، برپرەی لاوی

وجوانی بوو، زۆرخۆێنگەرم و بۆ ئاینەکەی بەس ۆز بوو، لەتەك مامۆستای رێنوێنیکەریا پێکەوە دانیشتبوون، و باس هات بەباسداو نۆرە هاتەسەر باسی شەڕو خراپە، لاوە تازە پێگەیشتووە کە بەمامۆستاکەی گوت: ئێمە کەی بەراستی ئیماندارین و جەرگمان بۆ دینەکەمان دەسووتێ؟(10)

ص گوتی: بۆ، چی بووە؟

ح گوتی: ئەگەر ئێمە لەتەك خوای خۆماندا راست بکەین چۆن رازی دەبین لەخاکی ئیسلامداو لەناو میللەتێکی موسوڵٌاندا ئاوەها بەئاشکرا عەرەقخانەو قومارخانە هەبێت ، و ببنە هۆی سەرگەردانی و کوێرەوەری خەڵکی؟! بۆ نەیان رووخینین؟ بۆ وێرانیان نەکەین؟!

(ص)ماوەیەك تێی راما و ئینجا گوتی: ئەم قسانەی تۆ قسەی کەسێکی بەپەرۆش بۆ ئاینەکەی و خەمخۆر بۆ میللەتەکەیەتی، بەلاٌم ئەم کارەی تۆ دەتەوێ بیکەیت کاری ئێمە نییە ، و کاری دەوڵەتە، دەبێ دەوڵەت ئەو جۆرە جێیانە لەناو ببات، ئێمە تەنیا کارمان راگەیاندن و روونکردنەوە و رێنوێنییە بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، و ئەوانەش کەدەیفرۆشن.

---

10- بۆ مامۆستاکە هێمای (ص) بەکار دێنین و بۆ لاوە کەش هێمای(ح).

ح گوتی: مەگەر گۆڕینی مونکەر و خراپە بەدەست گەورەترین پلەی فەرمان بەچاکە نییە؟

ص گوتی: بەڵێ..

ح گوتی: دەی بۆ ئەو پلەیە بەدەست نەهێنین؟

ص گوتی: دەی ئێمەش دەمانەوێ ئەو پلە گەورەیە بەدەست بێنین، بەڵام نەك بەجۆری پینەكردن و رووكەش و سەرپێیی، بەڵكو بەقووڵی و بنەڕەتی، بەجۆرێكی سروشتی و گەیشتن بەقوناغی دەوڵەت. ئەوەشی پێگوت: دەبێ مرۆڤ سوزو عاتیفە هەڵێ نەخڵەتێنێ و بەچاوی حەكیمانە بۆ مەسەلەكان بڕوانێ و چارە سەریان بكات، پێم بڵێ تۆ بەچی ئەو عەرەقخانەیە لەناو دەبەیت؟

ح گوتی: لەوانەیە بۆمبایەكی تێ بهاوم..

ص گوتی: ئەم كارە زۆر هەڵەیە.

ح گوتی: بۆچ؟

ص گوتی: وا دابنێین تۆ توانیت ئەو بۆمبایە بهاویت، كێدەڵێت دەستت نا لەرزێ، ولەجیاتی بكەوێتە ناو عەرەقخانەكەوە لەبەردەم دووكانەكەدا ناتەقێتەوە ، وچەند موسڵمانێكی بێگوناه كەبەوێدا تێدەپەڕن پێوە نابن و ناكوژرێن؟ ئەگەر بێگوناهێك كوژرا، لەرۆژی قیامەتا چ وەڵامێكی خوا دەدەیتەوە؟

لەكاتێكا پێغەممەرρدەفەرموێ: كوشتنی ئیمانداریێك بە ناحەق -لای خوا- لە وێرانبوونی دنیا گەورە ترە. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِρ :" قَتْلُ الْمُؤْمِنِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ زَوَالِ الدُّنْيَا"(11).وا دابنێین دەستت نەلەرزی و بۆمباكە كەوتە ناو عەرەقخانەكەوە، و كەسیشت نەكوشت، و دوكانەكە وێران بوو، ئایا مەبەستەكەی تۆ هاتەدی؟

ح گوتی: بەڵێ..

ص گوتی: نەخێر..

ح گوتی: چۆن، ئەی وێران نەبوو؟

ص گوتی: ئەو وێران بوونە چ قیمەتێكی هەیە؟

ح گوتی: بۆچ؟

ص گوتی: سبەینێ خاوەنەكەی دروستی دەكاتەوە و عەرەقی تیا دەفرۆشێتەوە،و بگرە لەجاران جوانتریش دەیڕازێنێتەوە ، و تۆیش دەبێ لەدوورەوە زیتەی چاوت بێت، و زیاترو زۆرترخەفەت بخۆیت، چونكە پێشتر توانیت بۆمبایەكی تێ فڕەبدەیت و بیتەقێنیتەوە،

---

11- أخرجه النسائي في كتاب تحريم الدم تحت رقم: 3925.

بەڵام ئێستا ناتوانی، چونکە لەم سەرو ئەوسەری کۆڵانەکەوە پاسەوانی بۆ دانراوە و دەیپارێزێ، کەوا بوو ئەو کارەی تۆ کردت، چ سوودێکی هەبوو؟

زیاد لەوە لەوانەیە پێت بزانرێ و بگیرێیت، چونکە دەوڵەت خواردنەوەو فرۆشتنی عەرەقی حەڵاڵ کردووە ، و تۆیش بەهێزو قووەت دە تەوێ بەرەنگاری بکەیت و نەیەڵێت، و بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەی زۆرەوە لەوانەیە ناوی کۆمەڵی خەڵ ک- ی بێئاگا لەمکارەی تۆ- بڵێیت و تووشی زیندان و ئازاری زۆریان بکەیت، لەوانەشە دەوڵەت توندو تیژی بنوێنێ ، و دەست بەدەمی هەزار ەها خێرخوازدا بنێت، و نەیەڵێت تەنیا قسەیەکی خێریش لەدەمیان بێتەدەرێ. لەگەڵ ئەم کارەی تۆدا ئەم هەموو ئەگەرانە سەرقیت دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بەحەرامی دانا و یاساغی کرد ، کەس دەتوانێ بەئاشکرا بیفرۆشێت یا بیخواتەوە؟!

ح گوتی: نە.

ص گوتی: کەوا بوو چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەهێشتنی هەموو خراپەو مونکەرێك دەوڵەت و دەسەڵاتە..

ح گوتی: بێگومان وایە..

ص گوتی: ئەبێ تۆ ئەوەباش بزانیت کەئێمە نا مانەوێ بەزۆر کاری خراپە بگۆڕین، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، ئێمە تەنیا رێنموونیمان لەسەرە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی خەڵکی، کاتێ جەماوەر تێگەیشت و پێگەیشت راستەو خۆ دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەبێت، چونکە دەوڵەت لەو خەڵکە پێك دێت. بەیەك فەرمان ئەو مونکەرانە قەدەغە دەکات ، و کەسیش گیانی تیاناچێت و نا ئارامیش دروست نا بێت .

هەستم کرد ( ح) قەناعەتی تەواوی بۆ دروست بوو، قسەکانی بەلاوە دروست و حەکیمانەبوو، بۆیە لە بۆچوونەکەی خۆی وازی هێنا، و چاوی بڕییە ئەو رێگا دوورەی کەگەیشتنە مەنزڵی هەوڵی بێوچانی دەوێ.

لەراستیدا ئەگەر گوێ بۆ حەکیمان و خاوەن تەجروبەکانی ئەم کاروانە شکودارە بگیرایە، و ئاوەها حاڵیبوونێ لەواتای فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە ببوایە ، وەزعی موسوڵمانان بەم رۆژە نەدەگەیشت، و ڕێ بە دەوڵەتدارانیش نەدەدرا ئاوەها خۆێنی موسوڵمانان بکەنە کاسەوە.

# # #

## جۆری دووەمی فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپە:

ئامۆژگاری و رێنوێنی، جۆری دووەمی فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپەیە :ئەم كارەش بۆ موسوڵمانانە لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەركی ئەوانەیە كەشارەزاییان لەئیسلامدا هەیە ، و دەشزانن چۆنی دەگەیەنن. ئەمەش كۆمەڵێ مەرجی هەیە:

**یەكەم**:ئەوكەسەی فەرمان بەچاكە دەكات و نەهی لەخراپە، دەبێ دڵسۆزی بەرامبەرەكەی بێ ، و تەنیا مەبەستی رەزامەندی خواو بەر ژەوەندی دینی خوابێ، نەك لەبەرخاتری مەبەستێكی تری دەروونی . لە بڕگەی شەشەمدا نموونەیەك دێنینەوە كە بۆ ئێرەیش دەگونجێ.

**دووەم**: دەبێ بزانێ ئەوكارەی ئەم ئەنجامی دەدات ئایا دەبێتە هۆی هیدایەت و رێنوێنی گوناهكارەكە؟ یادەبێتە هۆی بەدبەختیو سەرگەردانتربوونی، و زیاتر دوور خستنەوەی لەبەهەشت؟

**سێیەم**: ئایا گۆڕینی ئەو مونكەرە مونكەرێكی خراپتری لێ ناكەوێتەوەو نابێتە هۆی دروستبوونی گوناهیكی گەورەتر؟

ئالێرەدا رووداوێكی سەیرم بیردەكەوێتەوە جێی خۆیەتی بۆ خۆێنەرانی باس بكەم:

لەدێی داربەڕوولەی نێوان عەربەت وسلێمانی، دوو بەرەبابی تیا بوو، یەكێكیان بیست و پێنج ماڵێك و ئەوی تریشیان دەماڵێك دەبوون، ئەم دوو بەرە بابە ببوە شەڕو ناكۆكیان، و دوژمنایەتی لەنێویاندا بە هێز ب بوو، بەجۆرێكی وا گەیشتبوە شەڕە گوللە لەنێوانیاندا، لەساڵی 1969 مەلایەكی گەنج ببوە ئیمام لەم ئاواییەدا، خەرجی مەلا لەسەر بەرەبابی 25 ماڵییەكەبوو، ئەم لاوە زۆر خۆێن گەرم بوو، بەزاهیر دڵسۆز بەدینەكەی بوو (ولا نزكي أحدا علىَ الله )، لەماوەی كەمتر لەساڵێكدا ئاشتی كەوتە نێوان ئەم دووبەرە بابەوە، و ئەمە بەناوی ئەو مەلا گەنجەوە تەواو بوو، تەمەنی ئەم مەلایە تەنیا بیست ساڵ ێك دەبوو، تەجروبەو ئەزموونی نەبوو، خۆێندنیشی تەواو نەكردبوو، هەموو رۆژێك دەچوو بۆ مەعهەدی ئیسلامی لەسلێمانی، تازەتازە لەتەك قوتابخانەی برایاندا ئاشنا ببوو، هێشتا پەروەردەیەكی فیكریو كردەوەیی وایشی وەر نەگرتبوو، حەماسەتێكی دینی ئاوێتە بە سۆزو عاتیفەیەكی زۆری هەبوو، لە مەسەلەی ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونكەردا پێی وابوو كەدەبێ هەر موسوڵمانێك بەدەست و بە هێز خراپە بگۆڕی، ئەگەر لەو پێناوەدا هەرچی بەسەربێ و هەرچیش رووبدات.

یەکێ لەو بەرەبابەی کەمەلا بەینی خۆشبوو لەتەکیاو پێشتر ئەم مەلایان نەبوو ژنی بۆ کوڕەکەی د ەهێنا، ئەم پیاوە شارباژێڕییەکی زۆری خزمی خێزانی و زیاد لە لقێ پێشمەرگەی دەعوەت کردبوو، ئەوانیش لە ىزیك کانی ژنانەو ە هەڵپەرکێیان دەست پێکرد و عیوەعیویان دەهات، مەلایش لەماڵ خۆیان رویشتە دەرەوە و هەندێ ئامۆژگاری کردن، وەك ئەوە کە شوێنەکەتان لەنزیك کانی ژنانەوەیە ، و کانییەکەش سەری نەگیراوە ، و ئافرەتەکانیش هەموو دایك و خوشکی خۆتانن، لەشوێنێکی دوورترەوە هەڵ پەرکێ بکەن ، و هەولێدەن نەبێتە رەشبەڵەك وحەرام، خوا هەلناگرێ دەستیان بەرداو وازیان لە هەڵپەرکێیەکە هێنا، پاش گەڕانەوەی مەلا بۆ ماڵ، کۆمەڵێ لەپیاو ماقوڵانیان رۆیشتن بۆ ماڵی و پێان گوت کە: سبەینێ شاییەو عادەتی شاییش وایە هەڵپەرکێی تیا دەبێ و جەنابیشتان خۆتان ناڕەحەت مەکەن، و ئێمە هاتووین کەئیجازەمان بدەن!!

ئەویش بەخێر هاتنێکی گەرمی کردن و پێیگوتن: ئێوە دەبێ بزانن کەئەمە دینی هەموومانە ، و هەمووشمان دەبێ هەولی بۆ بدەین، من ناتوانم حەرامتان بۆ حەڵاڵ بکەم، یا حەڵاڵتان لێحەرام بکەم، ئەوەی ئەرکی سەرشانی منە فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەیە، من هەڵپەرکێتان وەك هەڵپەرکێ لێ قەدەغە ناکەم، چونکە تەبیعەتی شایی وایە لەهولەعبی تیا دەبێ، من داوام لێتان ئەوەیە لەنزیك کانی ژنانەوە نەبن، و ژن و پیاو تێکەڵ نەبن، خۆیشتان دەزانن کەدەستگرتنی پیاو لەپەنای ئافرەتی نا مەحرەمەوە حەرامە، و خوا پێی ناخۆشە، ئەگەر بەجیا هەڵدەپەڕن با ئەوە ندە هەڵپەڕن تا ماندوو دەبن، پاش کێشەیەکی زۆر گوتیان: باشەو رۆیشتن.

سبەینێ مەلا رۆیشت بۆسلێمانی بۆ دەرس خوێندنەکەی، لەو سەرەوە کە گەڕایەوە هەر لەدوورەوە گوێی لەدەنگی گۆرانییەوە بوو، کەگەیشتە سەرملانەکەی بەسەرئاواییدا دەڕوانێ و دیتی وا پیاوان دەستیان گرتووە ، و ژنانیش دەوریان داون، هاواری لێبەرز بووەوە: کوڕە خەڵکینە ! بۆ خاتری خوا، ئەمە کارێکی باش نییە، خوا پێی ناخۆشە، خوا دەفەرموێ: ئەی پێغەمەر ρ بڵێ بە ژنەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار سەرپۆشەکانیان بەسەرو سنگیاندا بدەن... "يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ، قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ: يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلابِيبِهِنَّ..."[12]هەروەها دەفەرموێ: بەئافرەتانی بڕوادار بڵێ: چاوی خۆیان بگرن و تەماشای نامەحرەم

---

12- سورة الأحزاب/59..

**نەکەن، و داوێنی خۆیان بپارێزن ، و جگە لەوەی لەکاتی کارو فرمانا دەردەکەوێ باجوانی خۆیان دەرنەخەن، و سەرپۆشەکانیان بەسەر و سنگیاندا بدەن، بۆمێردەکانیان و مەحرەمەکانیان نەبێ جوانی خۆیان دەرنەخەن** ،" وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ: يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ، وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ، وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلا مَا ظَهَرَ مِنْهَا، وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ، وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلا لِبُعُولَتِهِنَّ، أَوْ آبَائِهِنَّ،أو... "(13)

**ئێستاش ئێوە ژنانتان رازاندۆتەوە و هێناوتاننە بەردەم پیاوانی غەریبەو دەڵێن : فەرموو تەماشایان بکەن، ئەمە کەی غیرەتە؟ کەی دینە؟ خوا لێمان قبوولْناکات.**

**خەڵکەکە کەگوێیان لێبوو دەستیان بەردا و شاییەکەیان چوڵکرد، مەلایش رۆیشتەوە ماڵ خۆی، زۆری پێنەچوو سەرلقی پێشمەرگەکان هات و گوتی دایبمەزرێننەوە، عیوەعیو دەستی پێکرایەوە، تازە عەرەبانەیەك تەرکەداری شاربا ژێریان هێنابوو بۆ ماڵ مەلا، کەگوێی لێبوو کردی بەتەرکە دارێکداو هات بۆ خەڵکەکە، گوتیان: ئەری وەڵلا مەلا هات، خەڵکەکە دەستیان بەردا و رایان کرد.**

**ئا لێرەدا گەورەیی ئەم ئایەنە دەر دەکەوێ، مەلایەکی غەریب هیچ خزم و کەس ێکی لەوێ نەبوو، تەنیا کوتەکێکی بەدەستەوە بوو، ئەوان صەد پێشمەرگەیەك دەبوون و هەر لە کەڵەشینلۆفەوە تا فیکەرزیان پێ بوو. بەڵام هەر برنەو بەشان و ك لاشینلۆف بەدەست بوو دەکەوتە ناو چاڵە گەنمەکانەوە.**

**پاش ئەوە کە مەلا بەدەنگی بەرز و بەتوورەییەو ە هەندێ ئایەت وحەدیسی بۆ خۆێندنەوە، سەر لقەکەیان هات و گوتی: ئەرێ مەلا! تۆ عەیب ناکەیت؟! بۆ واز لەو خەڵکە ناهێنیت؟**

**مەلایش گوتی: من دوستی ئێوەم نامەوێ بەئاگری جەهەننەم بسوتێن، نامەوێ گوناهبکرێت و خوامان لێ برەنجێ، سەر لقەکە لەبەر خۆیەوە هەندێ بۆڵە بۆڵ ی کرد، مەلایش پێی گوت: باوەڕ دەکەی تۆ بەتفەنگ و دەمانچەکەتا دەنازی؟ ئەگەر ئازایت ئەمە سنگی من و ئەوەش گوللەی تۆ.**

**سەرلقەکە هەندێ بۆڵاندی، لەویادا یەکێك لەخەڵکی ئاوایی کەپێیان دەگوت حاجی مەلا عەبدوڵلا و کەمێك خۆێندەواری هەبوو، زۆر پیاوانە گوتی: خەڵکینە! ئەوە پێتان دەڵێم: مامۆستا دوژمنی کەس نییە، دەیەوێ رێگای راستمان پێ نیشان بدات، ئەوەی قسەیەکی سووکی پێ بڵێت خۆم و هەر چوار کوڕەکەمی**

---

13- سورة النور/ 31.

لەسەربەکوشت دەدەم!! هەڵوێستی ئەو پیاوە زۆر مەردانە بوو- خوا پاداشتی خێری بداتەوە و بیخاتە تای ترازووی کردەوە باشە کانیەوە لەرۆژی قیامەتا-، کە پێشمەرگەکان زانییان خەڵکی ئاوایی مەلایان زۆر خۆش دەوێت، ئیتر پاشەکشەیان لێکرد و ئاشبەتاڵ دروستبوو.

## ئەوەی لەم رووداوەدا دەبێ باس بکرێت:

مەلا وەك موسڵمانێکی سادە ، کە هیچ حوکم و دەسەڵاتێکی لەدەستا نەبوو ، نەدەبوا ئەو کارە بکات ، و بەزبری و بەتوندی لەگەڵ ئەوخەڵکەدا قسەی بکردایە، نەدەبوا کوتەکی بۆ هەڵبگرتنایە، چونکە ئەوە حەققی ئەو نەبوو، ئینجا کوتەك لەبەرامبەر تفەنگەوە چی پێدەکرێت؟

چونکە مامۆستا کەم تەجروبە بوو نەیزانی کەخاوەن شاییەکە ئەم هەموو پێشمەرگانەی بۆیە هێناوە تا قودرەتی خۆی نیشان لێۆنە دوژمنەکانی بدات، و بڵێ: من ئەم هەموو هێزەم لەپشتەوەیە، و ئاگاتان لەخۆتان بێت. ئەگەر لوتفی خوایی تەدەخولی نەکردایە لەوانە بوو خوێنێکی گەورەی تیا برژایە، لەوانەیە مامۆستاش شتێ ئیخلاصی بۆ خوا بووبێت - خوا خۆی دەزانێت- بۆیە خوا تووشی ئەو نەهامەتەی نەکرد.

دەبوایە بەقسەی خۆش و رووی خۆش و زۆر بەئارامی و لەسەرخۆیی ئامۆژگاری بکردنایە، چونکە ئەرکی شارەزایانی ئاینی ئەوەیە، بەکارهێنانی زۆر ئەرکی دەوڵەتە، لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: خۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە ، تا ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ..

**دەڵێم: کەوابو ئەرکی موسوڵمانان ئەوەیە: هەوڵ بۆ دروستبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بدەن، چونکە ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو هەموو موسوڵمانان گوناهبار دەبن، تا ئەو دەوڵەتە پێك دێنن.**

**ئەو گوناهەی لەویادا کرا ، تەنیا نەزەرکردن بوو، واتە: روانین بۆ یەکتر لەنێوان ژنان و پیاواندا، ئەمەش بە یەکڕابوون (إجماع)ی زانایانی شەرعزان، گوناهی بچووکە(صەغیرەیە)، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە کەسێکی تیا بکوژرایە گوناهی کەبیرە بوو، چۆن بۆ لابردنی گوناهێکی بچووك گوناهێکی گەورە بەدی دێنرێت؟!**

**لەبەر هەموو ئەمانەی باسکران دەبێ بزانین چۆن فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکەین، هەرکەسەش دەبێ ئەرکی خۆی بزانێ، کێ بەدڵ پێی ناخۆش بێت و کێ قسەبکات بۆ کردنی چاکە و گۆڕینی خراپە، کێیش زۆر و هێز بەکار بێنێت.**

**چوارەم: دەبێ بزانێت چۆنی دەگەیەنێت، چونکە پێغەمەری خوا ρ دەفەرموێ: ئیماندار توانجگر و لەعنەتگۆ و جنێودەر و نەزاندوو نییە.** " عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود قَال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ρ : لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ وَلا اللَّعَّانِ وَلا الْفَاحِشِ وَلا الْبَذِيءِ"[14]

14- أخرجه الترمذي في كتاب البر والصلة، برقم:1900. و قَالَ حسنٌ غريب. ورواه أحمد في مسند عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مسعودٍ برقم:3646.

**هەروەها پێغەمەری خو ا ρ دەفەرموێ: چاکترینتان رەو شت بەرز ترینتانە، وە پێغەمەرρنەزاندوو و بەدڕەوشت نەبووە و قبووڵیشی نەکردووە. هەروەك عبد اللّەی کوڕی عەمر بۆمان باس دەکات:**

"عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِρ : خِيَارُكُمْ أَحَاسِنُكُمْ أَخْلاقًا، وَلَمْ يَكُنِ النَّبِيّ ρ فَاحِشًا وَلا مُتَفَحِّشًا" (15)

**نەزاندوو ئەوەیە قسەت بۆ دەکات وەك کوتەکت پیا بکێشێ ئاوەهایە، لەوانەیە بەحسابی خۆی قسەی باشت بۆ بکات بەڵام ئازار بەجەرگت دەگەیەنێت. ئەو جۆرەکەسانە نابێ قسە بکەن، چونکە زیانیان لەسوودیان زیاترە. دەگێڕنەوە جارێك مامۆستایەك دەچێتە لای خەلیفە مەنسووری عەبباسیو پێی دەڵێ: من دەمەوێت هەندێ ئامۆژگاریت بکەم بەڵام خۆت بگرە چونکە قسەکانم رەقن. ئەویش دەڵێ: وەڵڵا رازی نابم و گوێیشت بۆ ناگرم.**

**مامۆستاکە دەڵێ: بۆچ؟**

**ئەویش دەڵێ: خوا فەرمانی بەحەزرەتی مووساو هاروون کرد - سڵاوی خوایان لێ بێت - کەئەوان لەتۆ چاکتر بوون، بچن بۆ لای**

15- أخرجه الترمذي في كتاب البر والصلة ، برقم: 1899،وقَالَ : ه ذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، والبخاري في كتاب الأدب برقم:5575.

فیرعەون کە لەمن خراپتر بوو، بەلاَم ئەمریان پێدەکات نەرم و نیان بن لەگەڵیا، بۆ تۆ لەگەڵ مندا زبر و رەق دەبی؟ ئەوەتە دەفەرمویٚ :"اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى، فَقُولا لَهُ قَوْلا لَيِّنًا لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى."[16]

**پیێنجەم**: ئەوەش کەقسەی خێر دەکات دەبیٚ ئاگای لەبەکار هێنانی وشەبیٚ، بۆ ئەوەی تووشی گوناه نەبێت ، بۆ نموونە: دوو منالٚ دەبیٚ بەهەرایان و جنێو بەیەکتر دەدەن، یەکێکیان بەوی تریان دەلٚێ: سە.. باب!! کابرایەکیش لەملاوە ئاگای لێیە، تووڕە دەبێت و دەلٚێت: هەی دایك وا پێکراوەی باوك والێکراوە، ئەوە بۆ وای پێدەلٚێیت؟ !

جنێوی منالٚەکە لەگوناهی بچکۆلەیە ، ئەگەر لەئینسانێکی موکەلەفیشەوە بێت حەددی لەسەر نییە، بەلاَم جنێوەکانی ئەم گوناهی کەبیرەن و حەدی شەرعییان لەسەرە، و لەدەولٚەتی ئیسلامدا ئەگەر شکاتی لێبکرێت دەبیٚ بە بەلگەوە بیسەلمێنیٚ، کە باوکی منالٚە جنێودەرەکە ئاوەهایە، و دایکی ئاوەهایە، دەنا حاکمی شەرع هەشتا داری لێدەدات و هەرگیزیش شایەتی لیٚ وەرناگیریٚ.

16- سورة طه/43و44.

**شەشەم**: بۆ ئەوەی بیٚ کەبەئاگری دوزەخ نەسووتیٚ ، و بە بەهەشت شاد بێت، دەگێڕنەوە لەیەکێك لە غەزاکانی لەشکری ئیسلامدا فەرماندەی سوپا بەناو کوژراو ەکاندا دەگەڕیٚ، لەناویاندا یەکێك دەبینیٚ کە هێشتا گیانی تیاماوە، ئەویش پێی دەلٚێ: ئیمان بێنە با بچێتە بەهەشتەوە، ئەو سەربازەی لەتەکیا دەبێت دەلٚێت: بیٚ بەلاَبی، ئەوە بەدرێژایی ژیانی دژ بەئیسلام و موسولٚمانان بووە ، و تائێستاش موسلٚمانانی کوشتووە ، ئێستا کە گلۆلٚە بووە ، و لە دوا هەناسەی ژیانیایەتی، ئیمان بێنیٚ و بچێتە بەهەشتەوە؟!

فەرماندەکەش دەلٚێ: بۆچ کاری ئێمە چییە؟ کاری ئێمە ئەوەیە: رێنموونی خەلٚکی بکەین بۆ ئەوەی بچنە بەهەشتەوە ، و لەدۆزەخ رزگاریان ببیٚ، و کاتێکیش لەتەکیانا دەجەنگین بۆ ئەوەیە دەسەلاَتێك لەناو بەرین کەرێی حالٚی بوون لەئیسلامیان لێدەگریٚ، جا کەوابوو ئەگەر ئێستاش ئیمان بێنیٚ و بچێت بۆ بەهەشت ئەوا مەبەستەکەمان هاتۆتە دی.

عَنْ دُرَّةَ بِنْتِ أَبِي لَهَبٍ قَالَتْ: قَامَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ρ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ؟ فَقَالَ ρ: خَيْرُ النَّاسِ أَقْرَؤُهُمْ وَأَتْقَاهُمْ وَآمَرُهمْ بِالْمَعْرُوفِ وَأَنْهاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأَوْصَلُهُمْ لِلرَّحِمِ." [17] پێغەممەری خوا ρ دەفەرمویٚ:چاکترینی

17 - أخرجه أحمد في مسند القبائل، تحت رقم: 26165.

**خەڵکی ئەوەیانە کە: خوێندەوارتر و بەتەقواتربێ و زۆرتر فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکات و زیاتر صیلەی رەحم بەجێ بێنێت.**

**لەکۆتاییدا هیوادارم ئەوەی کەفەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکات ئا بەو رۆحەوە بچێتە مەیدان، تا سوودی بۆ خۆی و بەرامبەرەکەیشی هەبێ.**